

# دامەزراوەیی ئابووری ئەو کلیلەیە کە بەڕووی جیهانی دەرەوەمان دەکاتەوە و ئابووری بازاڕ دەخولقێنێت

## گەر بمانەوێت بەرەو بەدامەزراویکردنی ئابووری بڕۆین پێویستە رووبەڕووی گەندەڵی ببینەوە

ئابووری بازاڕ مانگایەك نییە دایدۆشین، یا دەرمانێك نییە بۆ چاككردنەوەی هەموو جۆرە نەخۆشییەك و، كۆچانێكی ئەفسوناویش نییە بۆ چارەسەركردنی هەموو گرفتەكان، بەڵكو سیستەم و میكانیزمێكە كە زامنی بەشداری زۆرینە دەكات لەپرۆسەی ئابووری دا، تواناو دەرامەتە مرۆیی و سروشتییەكان بەشێوەیەكی رێكخراو ئاراستە دەكات بەرەو پەرەپێدانی ئابووری و هێنانی خۆشگوزەرانی بۆ تاكەكانی ناو كۆمەڵ، بەڵام ئەم ئابوورییە كراوەییە كە سوود لەهەموو ئایدیۆلۆژییەت و فیكرێك وەردەگرێت بۆ بوژانەوەو پێگەیاندنی خۆی دوور نییە لەكەموكورتی و كامڵ نییە. ئەم بازاڕە پێویستی بە دەستێوەردان نییە بەقەد ئەوەی پێویستی بەرێكخستن و ئاراستەكردن هەیە، بەشێوەیەك بنەما و ژینگەی وەبەرهێنان و پەرەپێدانی كەرتی تایبەتی لەخۆگرتبێت. ئەوەی ئەم بازاڕەش رێك دەخات بوونی «دامەزراوەی نوێی ئابوورییە»، وەك ئەو كلیلە وایە كە بەرووی جیهانی دەرەوەمان دەكاتەوەو كۆمەڵگایەكی كراوە دەخولقێنێت..دامەزراوەكانیش كەسانی لێهاتووی وا دایدەمەزرێنن كە توانای سەركردایەتییان هەیە، ئالێرەدا رۆڵی سەرۆكی هەرێم بۆ بەدامەزراویكردنی كوردستان دەردەكەوێت كە چەند گرنگە و كاریگەرە، چونكە سەرۆك بەرزترین دەسەڵاتەو لەگەڵەوە بە شەرعی هەڵبژێردراوە، دەتوانێت داوا لەحكومەت بكات و بەهەنگاوی زانستییانەو رێكوپێك دامودەزگاكانی دەوڵەت و كەرتی تایبەت بەرەو بەدامەزراویكردن ئاراستە بكەن و چاودێری وردی ئەو پرۆسەیەش بكات، بەو پێیەی رۆڵی دامەزراوەكان و یاسا لەپەرەپێدانی ئابووری و پەیڕەوكردنی حوكمڕانییەكی بەهێزو كارامە تەواوكەری یەكترن.

لەكۆمەڵگایەكی دامەزراوەیی دا، وشەی «دەستوورو یاسا» زۆر گرنگترە لەوشەی «دیموكراتی»، دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری هەرێم رایگەیاندووە بەوەی دامودەزگاكانی دەوڵەت و كەرتی تایبەت بەرەو دامەزراوەیی نوێی ئابووری دەبات، ئەمەش

ته نیا

دەرفەتێكە بۆ ئەوەی بەسەر ئاستەنگ و بەربەستە سیاسییەكان سەركەوین و چیتر ئابووری پاشكەوتەی سیاسەت و پارتە سیاسییەكان نەكەین و لە حكومەتی بێ هێزو ناكارامە دەربازمان بێت، هەر ئەمەشە وایكردووە كە لیبرالییەكان خولیای دامەزراندنی دامەزراوەییەكان بن.



**ناجیح عەلی ئەلعوبێدی شارەزاو پسپۆری ئابووری لەبەرلین:**

# ئەرکی سەرشانی دەوڵەتە ژینگەو بارودۆخێکی وا بخوڵقێنێت بۆ کەرتی تایبەت و دامەزراوەکانی تاوەکو کاری وەبەرهێنان لەبوارە جۆراوجۆرەکاندا ئەنجام بدەن



**بەدامەزراویکردنی ئابووری**
**موعجیزەی پەرەپێدان لەگەڵ خۆی دەهێنێت**

چـــۆن بازاڕەکانـــی کوردســـتان بەکاربهێنین بەهاوشێوەی وڵاتانی پێشـــکەوتووی جیهان؛ لە دابینکردنی ملیۆنەها کاڵاو پێداویســـتی و گەیاندنـــی باشـــترین خزمەتگـــوزاری بۆ هاووڵاتییان؟ ئەمە ئەو پرســـیارەیە کەئێستاکە پێچەوانە بۆتەوەو هاووڵاتی تووشـــی شۆك و بەشـــیمانی بووە لەخراپ بەکارهێنانی بازاڕو وادەزانێت نزامی سەرمایەداری و ئابووری بازاڕ تووشی هەڵاوســـان و بێکاری و دەیان دەردی کوشندەی کردووە، بەرادەیەك بارودۆخەکە وای لەمامۆستایەکی ئەکادیمی کردووە لە یەکێك لە دیمانەیەکی رۆژنامـــەی ناوخۆییدا بڵێت: ((پێویست ناکات بەخێرایی بەرەو کەرتی تایبەت بچین..))، لەکاتێکدا هەرێمی کوردستان تاکو ئێســـتا نەچووە بەرەو کەرتـــی تایبەت بۆیە تووشی دەیان کێشـــەو گرفتی ئابووری بووە، کەدەکرێت لەهەندێك بوارو کەرتی ئابووری دا ریفۆرم وردە وردە جێبەجێ بکرێت و لەهەندێك کات و بواریشـــدا ریفـــۆرم رادیکالییانەو خێرا ئەنجام بدرێـــت. ئابووری بازاڕ و لیبرالییەتی ئابـــووری و موعجیزەی دامـــەزراوەکان بوو ماوەو هەنگاوەکانی گەیشتن بەرەو(سەروەری یاســـاو دادپەروەری و رەخساندنی هەلی کارو خۆشگوزەرانی بۆ هاووڵاتییان..) کەمکردەوە، قۆناغەکانی گەیشتنی بەپەرەپێدانی ئابووری زامن کـــرد بەرادەیەك وایکرد بە ١١ ســـاڵ کۆریای باشوور گەیشتە ئەو خۆشگوزەرانییەی ئێستای لەکاتێکدا بەریتانییەکان بە ٥٨ ساڵ و ژاپۆنییەکان بە ٣٤ ســـاڵ گەیشتنە هەمان خۆشـــگوزەرانی کۆریای باشوور، موعجیزەی دامەزراوەکانە وایکردووە رۆژانە دەیان هاوڵاتی لەکۆریای سۆشیالیستییەوە لەناوچە سنوورییە پـــڕ لوغمکراوەکانـــی نێوان هـــەردوو کۆریا هەوڵی هەڵهاتن بدەن و بەرەو کۆریای باشوور ببەڕنەوە تاوەکو لەوڵاتـــە داخراوەکەی خۆیان دووچاری برســـێتی و مردن نەبنەوە، کەرتی تایبەت و ســـەرمایەداری وای لە ژمارەیەك لـــە وڵاتانی باشـــووری رۆژهەڵاتی ئاســـیا کـــرد ببنە بڵنگەکانی ئاســـیا، تایوانی لەبێ دەوڵەتییەوە گەیاندە هەرێمێك کە خاوەنی کیان و قورســـایی خۆی بێـــت و هۆنگ کۆنگی نەگەڕانـــدەوە ناو باوەشـــی چینی میللی و ئازادییەکانـــی لێزەوت نەکرا، گەرچی وڵاتی چین خاوەنـــی دامەزراوەیی ئابوورییە، بەڵام لەچوارچێـــوەی ئابوورییەکی ناوەندی و دوور لەئابـــووری بازاڕەوەیە، ئەمـــەش وایکردووە دامەزراوەکانیان ببنە ســـەرچاوەی گەندەڵی، بەپێچەوانەی هەوڵەکانی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ئەوروپا، دامەزراوەکان بوو رۆژئاوای گەیاندە لوتکەو پێشـــڕەوی وڵاتانی جیهان و لاوازی ئاستی گەشـــەی دامەزراوەییە ئابوورییەکان بوو کە وایکرد ئیســـپانیای بەهێزی سەدەی شازدەیەم بکەوێتە دوای هۆڵەنداو بەریتانیاوە. لەپێناو گەیشـــتن بەئابووری بازاڕ پێویســـتە کۆمەڵێك بنەما بچەســـپێنین بۆ ئەوەی ببینە خاوەنـــی ژینگەی وەبەرهێنـــان و پەرەپێدانی سەرتاسەری و بەردەوام جێبەجێ بکەین لەوانە ( داڕشتنەوەی پلانی ئابووری، گەڕاندنەوەی چینـــی مامناوەندی، پەیڕەوکردنی یاســـاو رێکخســـتنەوەی بـــازاڕو بوونـــی ئابووری دامەزراوەیـــی نـــوێ و رووبەڕووبوونـــەوەی گەندەڵی و بەڕێوەبردنی مەترســـییەکان و . )، ئەم بنەمایانە بەشـــێکن لەو میکانیزمەی دەوڵەتە پێشـــکەوتووەکانی جیهـــان پەیڕەوی دەکەن بۆ چەســـپاندنی ئابـــووری بازاڕ، بێ بوونی ئـــەم بنەمایانە لەتوانـــادا نییە ببینە خاوەنی دامەزراوەیی شارســـتانی کە پێویستە بـــۆ دیموکراســـی و پەیڕەوکردنـــی یاســـاو بەدیهێنانـــی ئابووری بـــازاڕو دوورکەوتنەوە لەشکســـت و تێچوونی زیادە..)، دواخستنی دامەزراندنی دەزگایەکی فراوان لەهەیکەلی حکومـــەت و لەنـــاو وەزارەت و دامودەزگاو کەرتـــەکان، دەمانخاتـــە بـــەردەم ئەگەری چارەســـەرنەکردنی گرفت و کێشەکان یاخود زیادبوونـــی خەرجییـــەکان، بگـــرە زۆر جار دەبێتـــە هـــۆکاری شکســـتهێنانی بەرنامەو پرۆژەکان، لەکۆمەڵگایەکـــی دامەزراوەییدا، وشەی «دەســـتوورو یاســـا» زۆر گرنگترە لەوشـــەی «دیموکراتی»، ئەم دامەزراوانەیە ئابووری و بازاڕ رێك دەخەن . ئابووری بازاڕ کۆبوونەوەیەکە دوور لەواتا تەقلیدییەکەی بۆ مۆرکردنی رێکەوتن و گرێبەستەکان بەڕێگای میکانیزمێکەوە کە زامنی بەشـــداری زۆرینە بـــکات لەپرۆســـەی ئابـــووری و بازاڕێکی

**لیبرالییەتی ئابووری باشترین سیستەم نییە بۆ بەڕێوەبردنی وڵات، بەڵام مرۆڤایەتی سیستەمێکی باشتر شک نابات جگە لەپەیڕەوکردنی ئەم نزامەو گەیشتن بەقۆناغی ئابووری بازاڕ**

**ئابووری بازاڕ پێویستی بە دەستێوەردان نییە بەقەد ئەوەی پێویستی بەڕێکخستن و ئاراستەکردن هەیە لەڕێگای دامەزراوە نوێیەکانەوە**



موعجیزەی دامەزراوەکانە وایکردووە رۆژانە دەیان هاوڵاتی لەکۆریای سۆشیـ
هەوڵی هەڵهاتن لەوڵاتە داخراوەکەی خۆیان

دکتۆر قەیس ئیبراهیم شارەزا لەبواری ئیدارەی ستراتیژی و بیزنس لە زانکۆی سلێمانی:

# گەربێتوو هەنگاو بەرەو پەرەپێدانی سەرتاسەری و بەردەوامی ئابووری بنێین پێویستمان بە بوونی دامەزراوەی ئابووری دەبێت



ئازادی ڕێکخراو و دادپەروەری کۆمەڵایەتی لێبکەوێتەوە، دوور لە دەستێوەردانی سیاسییەوە، ئەزموونی بەریتانیا بەدامەزراوەکردنی ئابووری و دامودەزگا حکومییەکان و کۆمپانیاو کارگەکان لەکەرتی گشتییەوە بەرەو کەرتی تایبەت لەدەوڵەمەندترین ئەزموونەکانی ڕۆژئاوایە، کە پێشتر لەڕێگای بەشداریکردن لەپشکەوە رووەو ئەم بەتایبەتکردنە نرا، زۆربەی ترس لەبەتایبەتکردن و ئابووری بازاڕ لەو ڕوانگەیەوە هاتووە کە ئازادی ئابووری و بەشداری تاك لەپرۆسەی ئابووری ناوەندی دەسەڵاتی سەربەخۆ پێك دەهێنێت و دەسەڵاتی بیرۆکراتییەتی سیاسییەکان لاواز و کەم دەکاتەوە، هەرئەمەش بوو وایکرد ڕوسەکان پارچە زەوی بەسەر جوتیارەکانیاندا بۆ چەند دەیەیەك دابەش نەکەن کاتێك ئەم کارەیان ئەنجامدا زۆربەی بەرهەمی کشتوکاڵی ڕوسیا لەو کێڵگە بچووکانەوە هاتە بەرهەم.



...ـالیستییەوە لە ناوچە سنوورییە پڕ لوغمکراوەکانی نێوان هەردوو کۆریا
بدەن و بەرەو کۆریای باشوور ببەڕنەوە

## بۆچی دامەزراوەکان گرنگن؟

بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و قۆرخکاری و بێ سەروبەری یاساکانی ئابووری و بازاڕو ڕێکخستنەوەی بنەماکانی بنیاتنانی ئابووری بازاڕ، بەدامەزراویکردنی ئابووریمان پێویستەو، ئابووری دامەزراوەیی نوێ شوێنێکی زۆر گرنگی ئابووری هاوچەرخ داگیر دەکات، گۆڕان لەئابوورییەکی مەرکەزییەوە بۆ ئابوورییەکی بازاڕ دەبێتە هۆی زیادکردنی حەز لەلای تاکەکانە گرووپەکانی نێوکۆمەڵگا بۆ زیاتر هاریکاریکردن، هەروەها خەڵك والێدەکرێت زوو فێربنە کێبڕکێ بکەنە هەموو جۆرە چالاکییەکی ئابووری ئەنجام بدەن. ئەوەش گرنگە کە سیستەمی دامەزراوەکان بگونجێندرێت لەگەڵ گۆڕانە تەکنەلۆژی و دیموگرافییەکاندا. ئابووری دامەزراوەیی نوێ وامان لێدەکات کە گۆڕانی وڵاتانی ناوەراست و ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا بەپرۆسەیەك ببینین کە بەند بوو بەگۆڕانی شێوەی بیرکردنەوە، عادەتەکان، هەروەها پێویستە شارەزای باکگراوندی مێژوویو کولتووری ئەو بارودۆخە ببین کە ئابووری لەسەر بنیاتنراوە. ئابووری وڵاتانی کەمتر پێشکەوتوو دەتوانرێت لەڕێگای تەکنەلۆژیاو لاسایکردنەوە ماوەکان کەمتر بکەنەوە، لەئەورووپا لەڕێگای بەرزکردنەوەی داهاتی تاکەکەسی و خێراکردنی کارەکان ماوەکانی گەیشتن بەپێشکەوتن و پەرەپێدان کورتکرایەوە، ئەمەش وایکرد ئەو گۆڕانکارییەی لەبەریتانیا بە ١٠٠ساڵ ڕوویدا لەژاپۆن و کۆریای باشوور بەکەمتر ڕوو بدات . تەکنەلۆژیا تەنیا دیویکی خێراکردنی گەشەسەندن و کەمکردنەوەی ماوەی گەیشتنە بەپەرەپێدان دیوەکەی تری بوونی دامەزراوەیی ئابوورییە کەوایکرد ڕووبەڕووی هەموو ئەو ئاستەنگ و بەربەستانە بێتەوە کەڕێگر بوون لەگەیشتن بەئابووری بازاڕ، وڵاتی نێجیریا لەساڵی ١٩٦٠ زۆر لەکۆریای باشوور دەوڵەمەند تر بوو، کەچی ئەمڕۆ بەهۆی بەدامەزراویکردنی ئابووری و پەیڕەوکردنی ئابووری بازاڕ کۆریا لەگەشەکردن و پێشکەوتنی ئابوورییەکەی نێجیریای بەجێهێشت .

## دامەزراوەکان دەماری سەرەکی ئابووری پێشکەوتووە

ناجیح عەلی ئەلعوبێدی شارەزاو پسپۆری ئابووری لەبەرلین لەوەڵامی چەند پرسیارێکی گۆڤارەکەماندا کە سەبارەت بەڕۆڵی دامەزراوەکان لەپێشخستنی ئابووری لە بەرێزیانمان کرد گووتی:

دامەزراوەکان دەماری سەرەکی ئابووری پێشکەوتووە، لەم ئابوورییەدا ژینگەی وەبەرهێنان و کاروچالاکی ئیکۆنۆمی لەچوارچێوەی دامەزراوەیدایە، ئەم دامەزراوانەش چەند جۆرێکن لەدامەزراوەی بچووك و ماناوەندی و گەورە، هیچ جۆرە دامەزراوەییەك لەم دامەزراوانە گرنگی و بایەخی ئابوورییانەی کەم نییە، بگرە دامەزراوە بچووك و مامناوەندییەکان ڕۆڵێکی بەرچاویان لە پێشخستنی ئابووری هەیە بەتایبەتی ئابووری وڵاتانی تازەپێگەیشتوو، کە ڕاستەوخۆ هەلی کارو بژێوی زۆرترین هاوڵاتی و خێزانەکانیان لە ڕێگای ئەم دامەزراوانە بەڕێوەدەچێت..ئەمە جگە لەوەی پێداویستییەکانی هاوولاتییان لە خزمەتگوزاری و بوارەکانی تردا دابین دەکات. ئەم دامەزراوانە بەبەردەوام پێویستی بەڕێکخستن و پێشکەوتن هەیە تاوەکو لەگەڵ پێداویستییەکانی سەردەم و کێبڕکێکردنیان لەگەڵ دامەزراوەکانی تر بگونجێت، لەدامەزراوەکاندا بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی

**هەنگاونان بەرەو ڕێکخستنی دامودەزگاکان و بەدامەزراویی هەنگاوێکی بوێرانەیە بەرەو سیستەمی ئابووری بازاڕ**

**دامەزراوەی ئابووری لەهیچ وڵاتێکدا بێ یارمەتی و هاوکاری گەشەی نەکردووە**

و ژینگەیـــی و تەندروســـتیش لەخۆدەگرێت بەرامبـــەر بەفەرمانبـــەران و کارمەندەکانی، ئەمـــەش بەرپرســـیارێتی و ئەرکێکی گرنگە پێویستە دامەزراوەکان جێبەجێی بکەن لەتەنیشت مەبەستە سەرەکییەکەیانەوە کە بەرهەمهێنان و بەدەستهێنانی قازانجە.

ســـەبارەت بەهەوڵەکانی بەدامەزراویکردنی هەرێمەکـــەو ئابوورییەکـــەی و ئـــەو ئاســـتەنگ و بەربەســـتانەی دێتـــە بەردەم کاری دامەزراوەیـــی دکتـــۆر ناجیح عەلی ئەلعوبێدی دەڵێت: کۆمەڵێك کێشـــەو گرفت لەبەردەم ئـــەم دامەزراوانەدایە لەپێشـــەوەی مەســـەلەی تەمویل، ئا لێرەدا ڕۆڵی دەوڵەت دێت، ئەرکـــی سەرشـــانی دەوڵەتە ژینگەو بارودۆخێکی وا بخوڵقێنێت بۆ کەرتی تایبەت و دامەزراوەکانـــی تاوەکـــو کاری وەبەرهێنان لەبوارە جۆراوجۆرەکاندا بکەن. ئەمەش بەپێی خەســـڵەت و شـــێوازی ئابوورییەکەی واتە گەربێتوو ئابووری کوردســـتان کشتوکاڵ یا گەشـــتوگوزاری بێت ئەوا ئەرکی سەرشانی حکومەتە ژینگەیەکی لەبار بۆ پێگەیاندنی دامەزراوەکانـــی کشـــتوکاڵی و گەشتوگوزاری دابین بکات و هەوڵی پێشخستنی ئەم دوو بـــوارە بەجۆرێك بدات کـــە دووربێـــت لەپشـــێوی و بێســـەروبەری و قۆرخکردنەوە ئەوکات دامەزراوەکان و کۆمپانیاکان لەڕێگای کێبرکێوە خۆیان بونیات دەنێن و بەرەو پێشەوە دەڕۆن. جگە لەبواری تەمویل مەسەلەکانی تری توێژینەوەی ئابووری و ستراتیژییەت و کوالێتی و شێوازی بەڕێوەبردن و بەبازاڕکردن دێت کە پێویستی بەڕێنمایی و پێشنیار هەیە. دەکرێـــت لەمبارەیـــەوە یەکێتییە بازرگانی و پیشەســـازییەکان و ژوورەکانـــی بازرگانی و بیزنســـکاران و ڕێکخراوەکانـــی پێوەنداری کۆمەڵگای مەدەنی بێنە پێشـــەوەو ڕۆڵێکی بـــاش لەدابینکردنی ژینگـــەی وەبەرهێنان و بەرەوپێشـــچوونی ڕەوشـــی ئابـــووری و بەدامەزراویکردنی نوێی ئابووری بگێڕن کە لەم ڕێگایانەوە دەتوانێت کەرتی تایبەت گەشە بکات، لەلایەکی ترەوە دەوڵەت پابەندە بەوەی کەرتی تایبـــەت بەدامەزراویکردن ببات، لە ڕێگای سیاسەتی ئابووری و باج و گومرگی و دارایی و یاساکان و ڕێنماییەکانییەوە گەشە بەم دامەزراویکردنە بدات.

**ئابووری کراوەیی سوود لەهەموو ئایدیۆلۆژییەت و فیکرێک وەردەگرێت بۆ بوژانەوەو پێگەیاندنی خۆی، بەڵام دوور نییە لەکەموکورتی**

**هەموو دامەزراوەیەکی ئابووری سەرکەوتوو دەبێت گەربێت و بەسیستەم و بەرنامەیەکی ڕێکوپێک چوو بەڕێوەو کەسانی دڵسۆز کارەکانیان لەئەستۆگرت**

### پەرەپێدانی بەردەوام و سەرتاسەری بەبێ دامەزراوەی ئابووری ئەنجام نادرێت

دکتۆر قەیس ئیبراهیم حوسێن شارەزا لەبواری کارگێڕی ســـتراتیژی و بیزنـــس لە زانکۆی ســـلێمانی پێی وایە گەربێتـــوو هەنگاو بەرەو پەرەپێدانی سەرتاسەری و بەردەوامی ئابووری بنێین پێویســـتمان بـــە بوونی دامـــەزراوەی ئابـــووری دەبێـــت، لەمبارەیەوە لـــە وەڵامی چەند پرســـیارێکی فایلی ئابـــووری گوڵان وتی: وەبەرهێنان لە کوردســـتان بوونی هەیەو هەرێمەکەش خاوەنی کادیرو کارمەندی لێهاتوو بەتوانایە، بەڵام ئایا ئەم توانایە تاچەند لەکاتی فراوانبوون و گەورەبوونی ئاســـتی وەبەرهێنان ســـوودی لێوەردەگرین؟ ئایا دەتوانین پێشوازی لە پرۆژەی ستراتیژی بەم کادیرە نیشتمانییانە بکەین، لەلایەکی ترەوە پێویســـتی پەرەپێدانی ئابووری و پێشخســـتنی لەچەنـــد کەرتێکی ئابووری بکەین نەك تەنیا پشـــت بەکەرتێك یا چەند کەرتێك ببەســـتین، بوونی هەماهەنگی و ڕێکخستن لەسەرجەم کەرتە ئابوورییەکان بۆ ئەم قۆناغەی ئابووری هەرێم



و عێراق پێویستە و دەرئەنجامێکی زۆر باشی لێدەکەوێتەوەو ئەمەش پێویستی بەدامەزراوەیی ئابووری هەیە.


بەشێوەیەکی گشتی عێراق لە ساڵی ١٩٢١ەوە بووە خاوەنی حکومەت و دامودەزگای ئیداری ڕێکوپێك بۆ ئەو قۆناغە، بەڵام تاکو ئێستا زۆربەی وەزارەت و دامودەزگا حکومیەکان بەو یاساو ڕێنماییە کۆنانە مامەڵە دەکەن یا نەیانتوانیوە لەگەڵ گۆڕانکارییەکان بواری کارگێڕی و ئابووری بۆ پێشەوە ببەن .عێراق خاوەنی دەرامەتی مرۆیی و سروشتی گەورەو دەوڵەمەندە پێویستی بەڕێکخستن و دامەزراندن هەیە ئەمەش هەرێمی کوردستانیش دەگرێتەوە.

گەیشتن بەپەرەپێدانی ئابووری پێویست بەوە دەکات ئاستەنگ و بەربەستە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان هەڵبگیرێت لەبەردەم گەیشتنمان بەڕاستی و دروستی چەمکی پەرەپێدان، عێراق بەشێوەیەکی گشتی بۆ دوو بەش دابەشبووە کوردستان لەلایەك و عێراق لەلایەکی ترەوە، لەکوردستان بارودۆخەکە پێچەوانە بۆتەوە لێرە هەوڵی پەرەپێدان و دابینکردنی ژیانێکی بەختەوەرو خۆشگوزەرانی بۆ هاوڵاتییان هەیە بەتایبەتی لەبواری بڵاوکردنەوەی کلتووری دیموکراتی کە لەگەڵ پەرەپێدانی ئابووری هۆکارێکن بۆ بڵاوبوونەوەی ئارامی و سەقامگیری سیاسی و ئابووری لە هەرێمی کوردستان، لەکوردستان ژینگەی وەبەرهێنان و سەقامگیری سیاسی و ئابووری هەیە بەڵام پێویست بەچەسپاندن و پەرەپێدانی هەیە. لەبەرامبەردا سەیری ناوچەکانی تری عێراق بکە ئەزموون و کولتووری شەڕو کوشتن و تیرۆرو ناسەقامگیری سیاسی و نائارامی بارودۆخەکە هەیە، ئەوەتا چەندین مانگە ناتوانرێت لەسەر دانانی سەرۆك وەزیران و حکومەتێك ڕێکبکەوین . من وەکو هاووڵاتییەك پێش ئەوەی وەکو پسپۆڕو شارەزاییەك قسە بکەم بۆچوونم وایە بۆ دامەزرانی حکومەت و بەڕێوەبردنی وەزارەت و دامودەزگاکان پێویستە سوود لەهەندێك ئەزموونی بواری بەڕێوەبردن و ئابووری لەهەرێمی کوردستان بکرێت، ئەمە مەسەلەیەکی بنەڕەتی و زیندوویی و ڕاستەقینەیە ناتوانین خۆمانی لێ بدزینەوە .

سەبارەت بەپێشخستنی دامودەزگاو دامەزراوەکانی ئابووری و چۆنیەتی ئاراستەکردنیان تاوەکو ببینە خاوەنی دامەزراوەیی ئابووری دکتۆر قەیس پێی وایە: لەگەڵ ئەو جیاوازییە لەئاستی پێشکەوتنی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی لەنێوان هەرێمی کوردستان و عێراق، بەڵام دامەزراوەکان بەتایبەتی دامەزراوە دارایی و ئابوورییەکان بەپێی پێویست و خواستەکان نییە بەشێوەیەك لەئاست ئەزموون و پێشکەوتنی وڵاتانی گەشەکردوو بگونجێت، ئەمەش بۆ ئەزموونی نوێی ئابووری کوردستان و دامەزراوەکانی دەگەڕێتەوە، دواتر بۆ لاوازی و نەبوونی بیزنسکارو سەرمایەداری نیشتمانی دەگەڕێتەوە، ئەمەش پێویستە بخرێتە ناو ستراتیژییەتی کارکردنەوە چونکە ستراتیژییەتی سەرکردایەتی سیاسی لە هەرێمی کوردستان بەوەی هەرێمەکە ببێتە پێشڕەو نموونە لەناوچەکەدا لەبواری گەشەکردن کە هاوکاتە لەگەڵ سەقامگیری سیاسی و ئابووری ئەمانە هەمووی وایکردووە ژینگەیەکی لەبار دابمەزرێت بۆ کارکردن بەرەو دامەزراوەیی نوێی ئابووری کە لەئاست خواست و ئومێدەکاندا بێت، ئالێرەدا پێویستمان بەسەرکردەی کارگێڕی هەیە کە بگونجێت لەگەڵ تێڕوانین و ستراتیژییەتی سیاسی. نوێکردنەوەی حکومەت و پێشخستنی وەزارەت و دامودەزگاکانی لەم ڕێگایەوە ئەنجام دەدرێت کە کەسایەتی لێهاتوو سەرکردایەتی ریفۆرم بکەن و لەهەمان کاتدا ئیرادەی وا هەبێت توێژینەوەو ڕاسپاردەو ئامانجەکان جێبەجێ بکەن. گەلانی پڵنگەکانی ئاسیاو هەندێك لە وڵاتانی ئەمەریکای لاتینی خاوەنی ئەزموونی تایبەت بەخۆیانن، مەرج نییە ئێمە لاسایی هەمان ئەزموون بکەینەوە، دەکرێت لەڕێگای لیژنەیەکی شارەزاو پسپۆڕەوە دووبار چاوخشاندنەوە بەیاساو ڕێنماییەکان و ڕێکخستنی کارەکان بکرێت بەشێوەیەك لەگەڵ واقیعی ئابووری جیهان بگونجێت و دامودەزگاو دامەزراوەکان لەبیروکراتییەت و ڕۆتین دەرباز بکات، بەداخەوە لەم ڕووەوە گرنگی نەدراوە بەبەهێزبوونی پێوەندی نێوان زانکۆکان و حکومەت تاوەکو سوود لە ئابووریناسانی کوردستان وەربگیرێت، پێویستە شارەزایانی ئابووری لەگەڵ دەوڵەت بەشداری

**دامەزراوەیی نوێی ئابووری تەنیا دەرفەتێکە بۆ ئەوەی بەسەر بەربەستە سیاسییەکان سەرکەوین و چیتر ئابووری پاشکەوتەی پارتە سیاسییەکان نەکەین و لە حکومەتی بێ هێزو ناکارامە دەربازمان بێت**

**هەرێمی کوردستان پێویستی بەسەرکردەی کارگێڕی واهەیە کە بگونجێت لەگەڵ تێڕوانین و ستراتیژییەتی سیاسی بۆ پەرەپێدان و بەدامەزراویکردنی ئابووری**



له ڕێکخستنەوەو چاوخشاندنەوە بەسەرجەم یاسا و ڕێنماییەکان بکەن .

خاڵێکی گرنگی تایبەت بەپێشخستنی پرۆسەی ئابووری کوردستان و عێراق پێوەندی بەچارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکانەوە هەیە کە لەنێوان بەغدا و هەولێر بێ چارەسەر ماونەتەوە، ئەمەش ئەرکی سەرشانی حکومەتی ناوەندییە دەرگای گفتوگۆ واڵا بکات و چارسەرکردنی ئەو کێشانە بدۆزێتەوە، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەت و سەرۆك کۆمار بەبەردەوام جەخت لەو خاڵە دەکەنەوە کە هەرێمی کوردستان بەشێکی دانەبڕاوە لەعێراقی فیدرال بۆیە من لە ترس و خۆدزینەوەی لایەنە سیاسییەکانی عێراقی تێناگەم، لەکاتێکدا دەکرێت بەغدا لەئەزموون و شارەزایی و پێشکەوتنی هەرێمەکە سوود وەربگرێت و هەرێمیش لە دەوڵەمەندی عێراق سوودمەند بێت، ئەوەی گرنگ بێت بۆ بەدامەزراویکردنی ئابووری لەو خاڵەوە دەست پێ دەکات کە کاربەدەستانی هەرێمەکەتان بزانن کەی و چۆن بارودۆخە ئابوورییەکە ڕێك بخەن و خۆیان لەهەموو دەستێوەردانێکی سلبی بەدوور بگرن.

**دامەزراوەیی ئابووری کوردستان لەقۆناغی دروستبووندایە**

مونا زلزلە بەڕێوەبەری پرۆگرامەکانی ڕێکخراوی CIPE لە عێراق پێی وایە لەهەرێمی کوردستان دامەزراوەی ئابووری لە قۆناغی دروستبووندایە و پێویستییان بە ڕێکخستنە، ئەمەش جێی خۆشحاڵییە کە ئەم هەرێمەی عێراق ڕووی لە ڕێکخستن و دامەزراندنی دامودەزگای مەدەنی و پێشکەوتوو ناوە، بۆیە پێم وایە گەرچی لەهەندێك بواردا دامەزراوەی ئابووری لەم هەرێمە بوونی هەیەو دامودەزگاکان و کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت بەرەو ڕێکخستن دەچن، بەلام وەکو ئاماژەم پێدا لەقۆناغی سەرەتایی دایە، هەنگاونان بەرەو ڕێکخستنی دامودەزگاکان و بەدامەزراویکردنیان کارێکی باشەو هەنگاوێکی بوێرانەیە بەرەو سیستەمی ئابووری بازاڕ.

مونا زلزەلە ئەو بۆچوونەی هەیە کە بونیاتنانی تواناکان بنەمای سەرەکییە بۆ پێشخستنی دامەزراوەی ئابووری لەمبارەیەوە وتی : پێشخستنی تواناکان لەڕێگای مەشق و ڕاهێنان و پاڵپشتیکردن و یارمەتی دەرەکی لەدەرەوەی دامەزراوەکە ڕۆڵی لەپێشخستنی دامەزراوەکان هەیە، دامەزراوەی ئابووری لەهیچ وڵاتێکدا بێ یارمەتی و هاوکاری گەشەی نەکردووە،ڕاستە تەمویل و یارمەتی دارایی یا بوونی سیولەی نەختینەیی بنەمایەکی سەرەکییە لە پێشکەوتن و پەرەپێدانی دامەزراوەکان، بەلام بونیاتنانی تواناکان و دەرخستنی بەهرەکان ئەویش بەپلەی یەکەم دێت لەپێشکەوتنی دامەزراوەکان، چونکە گەر ئەم بوارە پێشنەخرێت دەبێتە هۆی بەفیڕۆدانی تەمویلەکانیش، ئەمەش پێویستی بەمەشق و پەرەپێدانی بەردەوامی تواناکان هەیە، تاوەکو کادیرو کارمەندەکان لەناو ئەو ڕێکخراوەیە یا دامەزراوەییە شارەزایی تەواویان لە( چۆنیەتی بەڕێوەچوونی کۆمپانیا یاخوود ڕێکخراوەکە هەبێت و لەستراتیژییەتی بیزنس و بەڕێوەبردن شارەزا بن، هەموو دامەزراوەیەکی ئابووری سەرکەوتوو دەبێت گەربێتوو بەسیستەم و بەرنامەیەکی ڕێکوپێك چوو بەڕێوەو کەسانی دڵسۆزو بەتواناو لێهاتوو کارەکانیان لەئەستۆ گرت.

بەمشێوەیە پێم وایە بونیاتنانی تواناکان و مەشق پێکردن و پێشخستنی توانا کەسییەکان لە پێشەنگی ئەو بنەمایانەوە دێن کە دامەزراوەکان گەشە بێ دەکەن.

خاڵێکی تری گرنگ کە بەڕێوەبەری پرۆگرامەکانی CIPE لەعێراق ئاماژەی پێدا تایبەت بوو بە مەترسییەکانی گەندەڵی کە کاریگەری لەسەرجەم پرۆسە ئابووری و بگرە سیاسی و ئیداری و کۆمەلایەتی دەبێت و شوێنەواری خراپ لەسەر دامەزراوەکان بەجێ دەهێڵێت لەکاتێکدا گەر بێتو ئەو دامەزراوەیە بوونی هەبێت بەلام گەر بوونی نەبێت و لەسەرەتای دامەزراندن بێت ئەو کاتە ڕێڕەوی ئامانج و بارودۆخەکە دەگۆڕێت ئەمەش بەگرنگترین کێشەکانی بەردەم پێشکەوتنی ئابووری پێشکەوتنی ئابووری دادەنرێت لەمبارەیەوە زلزلە دەڵێت :

گەندەڵی کاریگەری و شوێنەواری تەنیا لەسەر پرۆسەی سیاسی نییە بەڵکو لەسەر سەرجەم بوارەکانی ژیان بەخراپی بەجێ دەهێڵێت، بۆیە گەر بمانەوێت دامەزراوەکان بونیات بنێین پێویستە ڕووبەڕووی گەندەڵی ببینەوە، ئەم کەرتە توانایەکی بەرزی هەیە گەربێتوو دوور بێت لەدەستێوەردان و ڕێکخرێت.

**دەوڵەت پابەندە بەوەی لە ڕێگای سیاسەتی ئابووری و باج و گومرگی و داراییەکان و یاساکان و ڕێنماییەکانییەوە گەشە بەدامەزراوەکانی بدات**

**لەکۆمەڵگایەکی دامەزراوەیی دا ، وشەی «دەستوورو یاسا» زۆر گرنگترە لەوشەی «دیموکراتی»**



ولاتی نێجیریا لەساڵی ١٩٦٠ زۆر لەکۆریای باشوور دەوڵەمەند تر بوو، کەچی ئەمڕۆ بەهۆی بەدامەزراویکردنی ئابووری و پەیڕەوکردنی ئابووری بازاڕ کۆریا لەگەشەکردن و پێشکەوتنی ئابوورییەکەی نێجیریای بەجێهێشت

لێپرسراوی فایلی ئابووری: شەماڵ نووری
Email: shamalnori2001@yahoo.com Aburi@gulan-media.com
Mobile: 07504512761